Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# نەخشەڕێگـایەک بۆ بەڕێوەبەرێتـی چاکسازییـەکان لە هەرێمی کوردستـان

## چاکسازی سلێمانی بە نموونە

ئارام سەعید

نیسانی ٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

## بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
|---|---|---|
| پۆڵسی پەیپەر | کارگێڕی و حوکمڕانی | ئارام سەعید |

### بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

لەئەگەری گۆڕانکاری لە داتاو ژمارەکان پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوە هەیە ئەم توێژینەوەیە لە بەرواری (١/٣/٢٠٢٦) ئەنجام دراوە.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# نەخشەڕێگایەک بۆ بەڕێوەبەرێتی چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان
# چاکسازی سلێمانی بە نموونە

## ١. پوختەی جێبەجێکار

ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی گەورانی سلێمانی دەبنەوە، فرەلایەن و ڕیشەیین کە بوارەکانی ژێرخان، ئاسایش، سەرچاوە مرۆییەکان، تەندروستی، ڕاهێنان و کارگێڕی دەگرنەوە.

ئەم تەحەدییانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر مافی سزادراوان و بارودۆخی کارمەندانی چاکسازی هەیە و توانای دامەزراوەکە لە جێبەجێکردنی ئەرکە بنەڕەتیەکانی چاکسازی لاواز دەکەن. ئەو چارەسەرە پێشنیارکراوانەی لەم پلانەدا ئاماژەیان پێدراوە، بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکان پێکدەهێنن، جێبەجێکردنیان پێویستی بە هەماهەنگیی جیدی و پاڵپشتیی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە، تاوەکو چاکسازیی سلێمانی ببێتە نموونەی دامەزراوەیەک کە ڕۆڵی کارا لە گۆڕینی ڕەفتاری سزادراوان و ئامادەکردنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە بگێڕێت.

ئەم پۆڵسیە، نەخشەڕێگایەکی گشتگیر وبە قۆناغ دانراوە بۆ چاکسازی لە سیستەمی بەریوەبەرێتی چاکسازیەکان لە هەرێمی کوردستان، کە تیایدا "چاکسازیی گەورانی سلێمانی" وەک هەنگاوێکی تاقیکاری دەستنیشان کراوە، بەو مەبەستەی ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو و دواتر لە دامەزراوەکانی تری هەرێمیشدا جێبەجێ بکرێت.

بە پشتبەستن بە هەڵسەنگاندن و سەردانە مەیدانییەکان، ئامارەکانی حکومەتی هەرێم و بەراوردکردنی دۆخەکە بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان (بەدیاریکراوی ڕێساکانی ماندێلا)، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سیستەمی ئێستا ڕووبەڕوی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوەو پێویستی بە هاوسەنگیی وچارەسەرە.

**ئامانجە ستراتیجییەکان بەم شێوەیە:**

١. پاراستنی ئاسایش، باشکردنی ژێرخان و کەمکردنەوەی مەترسییەکان
٢. پێشخستنی سیستەمی تەندروستیی فریاگوزاری، شیانەوە، تەندروستی دەرونیی وجەستەیی.
٣. چارەسەرکردنی کەمیی دەستی کار و توانای مرۆیی چاکسازیەکان

جێبەجێکردنی ئەم نەخشەڕێگەیە بەپێی قۆناغی دیاریکراو دەبێت؛ سەرەتا بەو هەنگاوانەی ئەنجامی خێرا و بەرچاویان دەبێت دەست پێدەکات، لە هەمان کاتدا بناغەیەک بۆ چاکسازییەکی ڕیشەیی و درێژخایەن دادەڕێژێت.

## ٢. دەستپێک

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هەڵکشانی ژمارەی سزادراوان هەبوە بێ ئەوەی ژێرخانی ئەم شوێنانە بە شێوەیەکی پێویست پەرەیان پێ بدرێت، ئەمەش فشارێکی زۆری دروست کردووە، کە بووەتە هۆی پاشەکشە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و سستبوونی توانای دامەزراوەکان بۆ پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و شیانەوەی سزادراوان.

هەڵسەنگاندنە مەیدانییەکان دەریدەخەن کە گرفتەکان تەنیا لایەنی پسپۆڕیی ناگرێتەوە، بەڵکو پەیوەستیشن بە شێوازی بڕیاردان و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی دەزگاکانەوە. کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەندا، دواکەوتنی ڕەزامەندییەکان و کەمبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ناوخۆیی کارایی ئەم سیستەمەیان لاواز کردووە.

بۆیە، ئەم بەڵگەنامەیە پلانێکی گونجاو دەخاتە ڕوو کە لە چوارچێوەی ئەم دەرفەتە سنووردارانەدا جێبەجێ بکرێت، بە جۆرێک کە کارە لەپێشینەکان دەستنیشان دەکات و هەنگاوەکان ڕێک دەخات."

## ٣. شیکردنەوەی گرفتەکان

### ٣.١ ئاسایش و ژێرخان

گرفتەکانی ئاسایش و ژێرخانی چاکسازیەکان کەڵەکەبوونی زنجیرەیەک مەترسیی سیستەماتیکی هەیە. ئەم بارودۆخە ژینگەیەکی خوڵقاندووە کە هەر ساتێک ئەگەری هەیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی لەناکاو.

لە ڕاستیدا، لاوازیی ژێرخان تەنیا پەیوەست نییە بە کۆنیی و لەکارکەوتنی ئامێرەکانەوە، بەڵکو نەبوونی پەیڕەوێکی بەردەوامی "نۆژەنکردنەوە و چاکسازی" هەیە، نەبوونی چاودێریی هونەری و پلانێکی دوورمەودا بۆ بەڕێوەبردنی ژێرخانەکان وای کردووە گرفتەکان پەرە بسێنن و لە قۆناغی لاوازییەوە ببنە مەترسی.

**گرفتە سەرەکییەکانی چاکسازی گەوران لە سلێمانی:**

١. پەککەوتنی تۆڕی ئاگرکوژێنەوە: ئەمە دەکرێت ببێتە هۆی کارەساتێکی گەورە، بەتایبەت کە چڕیی ژمارەی بەندکراوانی تێدا بەرزە و زۆر جەنجاڵە.

٢. کۆگاکردنی سووتەمەنی: شێوازی هەڵگرتنی سووتەمەنی (گاز) نادروست و نایاساییە، کە پێچەوانەی ڕێکارەکانی سەلامەتییە و ئەگەری ئاگرکەوتنەوە زیاد دەکات.

٣. تێکچوونی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ: دارمانی بەشێکی ئاوەڕۆکان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستی و پاکوخاوێنیی ژینگەی گرتووخانەکە هەیە.

٤. کۆنبوونی ئامرازەکانی گواستنەوە و کەرەستەکان: کۆنیی و پەککەوتنی ئۆتومبیل و کەرەستەکان بووەتە هۆی سستبوونی خزمەتگوزارییەکان و لاوازبوونی کارایی پەیڕەوی گواستنەوە. بە گشتی، ئەم کێشانە پەیوەندی بە سەلامەتیی ژێرخان" ەوە هەیە، کە پێویستییان بە چارەسەری گشتگیر و هەنگاو بە هەنگاو هەیە، نەک چارەسەری کاتی و سەرپێیی.

## ٣.٢ فریاگوزاریی تەندروستی و باری دەروونی

پێودانەکانی تەندروستی لەناو چاکسازی گەورانی سلێمانی، دەبێت هاوتای پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و هاوشێوەی ناوەندە تەندروستییەکانی نێو کۆمەڵگە بێت، تا بتوانێت دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ سزادراوان مسۆگەر بکات. بەڵام لە کاتی ئێستادا، ئەم پێودانە زۆر لاوازە و تواناکانیشی لەوپەڕی سنووردارییدان.

کەموکوڕییەکان جگە لە کەمیی ئامێر و ستافی پزیشکی نەبوونی ڕێکخستن و ڕێکارێکی ڕوون بۆ بەدەنگەوەچوونی دۆخە کتوپڕەکانە. ئەمەش بووەتە هۆی سستی لە ڕاپەڕاندنی کارەکان و زیادبوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی سزادراوان.

**گرفتە سەرەکییەکان:**

١. نەبوونی ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری مۆدێرن و تۆڕێکی خێرای گواستنەوەی نەخۆش؛ ئەمەش وای کردووە نەخۆشەکان لە کاتی گونجاودا نەگەیەنرێنە ناوەندە پزیشکییەکان.

٢. کەمیی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان لەناو چاکسازی، کە شوێنەواری نەرێنیی گەورەی لەسەر ئاستی چارەسەرکردن جێهێشتووە.

٣. کەمی ژمارەی پزیشکی دەروونی و سەردانی پزیشکی پسپۆڕی دەرونی زۆر سنوردارە کە هەفتی جارێکە، دەکرێت بەردەوام لە چاکسازی بێت؛ لە کاتێکدا ڕێژەی تێکچوونی باری دەروونی لەناو بەندیخانەکاندا زۆر زیاترە بەراورد بە دەرەوەی بەندیخانە. ئەم دۆخە دەکرێت زەمینەسازی بۆ سەرهەڵدانی چەندین کێشەی ناوخۆیی بکات، لەوانە:

١. هەڵکشانی توندوتیژی.

٢. شێوانی هاوسەنگیی دەروونیی سزادراوان.

٣. زیادبوونی مەترسیی پەنابردنە بەر خۆکوشتن.

بە کورتی، لە ئێستادا پێودانگی تەندروستی ناتوانێت پڕکەرەوەی پێداویستییە بنەڕەتییەکان بێت، بۆیە پێویستیی بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و هەمەلایەنە هەیە.

## ٣.٣ هێزی کار (دەستی کار)

هێزی کار یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی چاکسازیەکان. کەمیی ژمارەی پێویستی کارمەندان، دەبێتە هۆی دروستبوونی بارگرانییەکی گەورە، کە تێیدا کارمەندان دەکەونە ژێر گوشارێکی زۆرەوە و ناتوانن ئەرکەکانیان وەک پێویست ڕاپەڕێنن. لە ئێستادا، ناهاوسەنگییەکی بەرچاو لە نێوان ژمارەی سزادراوان و کارمەنداندا هەیە، بەتایبەتی لە ڕیزەکانی پاسەوان و پسپۆڕانی کۆمەلایەتی، شیانەوە. ئەمەش بووەتە هۆی:

١. سستبوونی چاودێریی ناوخۆیی.

٢. کارمەندان لە ژێر بارگرانییەکی دەروونی و جەستەیی زۆردان.

٣. دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییەکان.

**گرفتە سەرەکییەکان:**

لەبەر ئەوەی ئەوانەی خانەنشین دەبن،یان وازدەهێنن و کۆچ دەکەن کەس لەجیاتیان دانانرێتەوە:

١. کەمیی پاسەوان هەیەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی گرتووخانەکان هەیە.

٢. کەمیی پسپۆڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا (پزیشکی، دەروونناسی، یاسایی، توێژەری کۆمەڵایەتی و تەکنیکی).

٣. نەبوونی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ پەرەپێدانی لێهاتوویی و کارامەیییەکان

٤. نەبونیی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی و داتابەیز بۆ بەندکراوان.

بەگشتیبۆ کورتهێنانی دەستی کار لە ئاست داخوازییە زۆرەکاندا پێویستی بە گرتنەبەری سیاسەتێکی گونجاو هەیە، نەک تەنیا پشتبەستن بە دامەزراندنی هەمیشەیی.

## ٤. چارەسەر

### ٤.١ پاراستن و ژێرخان

**هەنگاوە سەرەکییەکان:**

١.نۆژەنکردنەوەی بنەڕەتیی تۆڕی ئاگرکوژێنەوە بەپێی پێوەرە پەسەندکراوەکان، ئەویش لە ڕێگەی جێگیرکردنی ئامێری نوێ و تاقیکردنەوەی بەردەوامی تۆڕەکەوە.

٢.گواستنەوەی عەمبارەکانی گاز بەپێی ڕێنمایی و ستاندارە ئەندازیارییەکان، بە ڕەچاوکردنی مەودایەکی سەلامەت و دوور لە مەترسی.

٣. چاکسازیی ڕیشەیی لە تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆدا، نەک پەنابردنە بەر چارەسەری کاتی و پینەوپەڕۆکردن.

٤.داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ شیانەوە بۆ تەواوی پێکهاتەکان.هەم ئالودەبوانی مادەی هۆشبەر هەم سزادراوانی تر.

٥.بەرزکردنەوەی میلاکی توێژەران: زیادکردنی ژمارەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لەگەڵ ژمارەی سزادراوان، لەئێستادا بۆ هەر ٣٠٠ بەندکراوێک یەک توێژەر هەیە کە بەگوێرەی ستاندارە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەر ٢٠ بەندکراو توێژەرێک هەبێت. دەکرێت بەشیکی ئەمە لە ڕێگەی گواستنەوەی میلاکات لە فەرمانگەکانی تری چاودێریی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام بدرێت یان بەشێوەی گرێبەست بەمەرجێک کارامەیی و تواناییان پەسەند بکرێت.

٦. یاسای سزای جێگرەوە: کارکردن بۆ دەرچوونی یاسای "سزای جێگرەوە" و "لێبووردنی گشتی" بە مەبەستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە زیندانەکان و پێدانی هەلی دووەم بە سزادراوان گرنگە بەیاسا رێکبخریت و ئەوانەی تەنها مافی گشتیان لەسەرە بە سزای دارایی بۆیان حساب بکریت و بەمەرج ئازاد بکرین بەراویژ لەگەڵ چاکسازیەکان .

٧.لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بە پرۆسەی چاکسازی کۆمەڵایەتی نییە و تەنها سیستەمی چاکسازی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨نەبێت، لە ئێستادا پرۆژە یاسایەک بەهاوکاری بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دارێژراوە کە دەکرێت ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانەی پەرلەمانی بکات.

٨.ستانداردی ماندێلا: کاراکردنەوەی لیژنەی پشکنینی ناوەندی بەپێی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی (ماندێلا) بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٩.لێبووردنی تایبەت: بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی لێبووردنی تایبەت بۆ ئەو سزادراوانەی تووشی نەخۆشیی درێژخایەن بوون یان پەککەوتەن بەراویژ لەگەل بەشە پەیوەندیدارەکانی چاکسازیەکان.

١٠. جیاکردنەوەی سزادراوان بەگوێرەی ستانداردەکان، بەشێوەیەک بازرگانی مادەی هۆشبەر لەگەڵ بەکارهێنەر نەبێت.یان جیاکردنەوەیان بەگویرەی هەڵسوکەوتیان و ئاستی مەترسییان.

١١. پۆلێنکردنی سزادراوان لە چاکسازییەکان بەپێی ماددەی یاسایی و تەمەن کراوە، بەڵام ئەم پۆلێنکردنە نەتوانراوە بکرێت لەبەرئەوەی خۆی بیناى چاکسازییەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک توانای وەرگرتنی ٩٠٠ سزادراوی هەیە بەڵام ئێستا ژمارەیان زۆر زیاترە لەوە بۆ نموونە هەولێر: ٢٠٧٢ سزادراو، سلێمانی: سەروو ١٥٠٠ سزادراو ، دهۆک بەهەمان شێوە، بەگوێرەی ستاندارد هەر هۆڵێک دەبێت ٨-٩ سزادراوی تێدا بێت بەڵام ئێستا سەروو ٣٠ سزادراوی تێدا دانراوە.

١٢. بەهەمان شێوە چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان هەرچەندە بڕیاردراوە بە دروستکردنی بینا بۆیان بەڵام راگیراوە بەهۆی قەیرانی دارایی کە لە بنەڕەتدا بیناکە بۆ چاکسازی شیاو نییە و ناتوانرێت شیانەوەیان بۆ بکرێت.

### چوارچێوەی جێبەجێکردن:

بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم ستراتیژە تەنها تیۆری نییە، ئێمە ئەم میکانیزمەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

- پێکهێنانی بۆردی چاکسازی بە هاوبەشی لە کارگێڕی زیندانەکان، ئەندازیاران، دادوەران، و پسپۆڕانی تەندروستی و کۆمەڵناسی ،پۆلیس،ئاسایش، رێکخراوی ناحکومی بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردن.
- هاوکاری نێوان دەزگاکان: یاداشتنامەیەکی فەرمی بکرێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و پۆلیس و ئاسایش، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ هاوبەشکردنی سەرچاوەکان (گواستنەوەی کارمەندان و پشتگیری پزیشکی).
- وەک پێشنیار کراوە، وۆرک شۆپی دەستبەجێ لەگەڵ دادوەرەکان و ئەندازیاران و توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن بۆ جێبەجێردنی پلانەکان.
- هاوبەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت: بەکارهێنانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ کەلێنەکانی ڕاهێنان و بودجە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی چاکسازی و کاری کۆمەڵایەتی.

## ٥. ڕێبازەکانی گۆڕانکاری

## ٥.١ لامەرکەزییەت لە دەسەڵاتدا

- لامەرکەزییەت لە بڕیاردان: پێشنیارکردنی چوارچێوەیەک بۆ پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پێدانی دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی تایبەت بە پارێزگار/بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چاککردنەوەی فریاگوزاری و تەداروکات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوەند بکات .
- ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ پێداویستییە بەپەلەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتینی کارگێڕی. بۆ ئەم مەبەستە، پێشنیار دەکرێت لیژنەیەکی چاودێریی ناوخۆیی پێکبهێنرێت کە خاوەن دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی بێت بۆ جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییە ستراتیژییەکان.

- پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکان: یەکخستنەوەی سەرجەم ڕێنماییە کارپێکراوەکان و نووسینەوەی ڕێنمایی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (سەردانی کەسوکار، سزادراوی شەڕەنگێز، مانگرتن و پلانی لەناکاو)

## ٥.٢ شەفافیەت و لێپرسینەوە

- بەڕێوەبردنی دارایی و شەفافیەت: پەیڕەوکردنی سیستمێکی دارایی تۆکمە بە مەبەستی مسۆگەرکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە چۆنیەتی خەرجکردنی بودجە و تەرخانکراوە داراییەکان.
- وردبینی و هەڵسەنگاندن: ئەنجامدانی وردبینیی خولی و پێداچوونەوەی بەردەوام بە ئاستی ئەدای کارکردن، بۆ بەدواداچوونی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانەکان و دڵنیابوون لە بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوەکان.
- هەماهەنگی و هاوبەشیی نێودەوڵەتی: پەرەپێدانی پەیوەندی و هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGOS)، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و کەرتی تایبەت، بە مەبەستی دابینکردنی بودجەی پاڵپشت، هاوکاریی تەکنیکی و ئاڵوگۆڕی شارەزایی، بەتایبەت لە بوارەکانی چاکسازی و ڕاهێنانی کارمەنداندا.
- پۆڕتاڵی خزمەت و ڕاپرسی: پێداچوونەوە بە خزمەتگوزارییەکان لە چوارچێوەی "پۆڕتاڵی خزمەت"ی حکومەت و ئەنجامدانی ڕاپرسیی خولی لە سزادراوان (سوودمەندان) بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ڕەزامەندییان.

## ٦. پێشنیارەکان

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە (FOCUS GROUP): ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە بەشداریی دادوەران، توێژەرانی کۆمەڵایەتی، ئەندازیارانی (تەکنیکی، کارەبا، بیناسازی)، نوێنەرانی پۆلیس و ئاسایش، ڕێکخراوە پسپۆڕەکان و شارەزایانی بواری تەندروستی و بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان.
- پێکهێنانی لیژنەی ستراتیژی: دامەزراندنی لیژنەیەکی هاوبەش بە بەشداریی نوێنەرانی چاکسازی، بە مەبەستی پێداچوونەوەی ورد بە کەموکوڕییەکان و داڕشتنی ستراتیژێکی گشتگیر بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لە چوارچێوەی خشتەیەکی کاتیی دیاریکراودا.
- ڕێکخستنەوەی میلاکاتی کارگێڕی: پێداچوونەوە بە میلاکاتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی ژمارەیەکی پێویست لە توێژەر و کارمەندان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی، بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان.

## ٧. چوارچێوەی جێبەجێکردن

بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم ستراتیژە تەنها تیۆری نییە، ئێمە ئەم میکانیزمەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

- پێکهێنانی بۆردی چاکسازی بە هاوبەشی لە کارگێڕی زیندانەکان، ئەندازیاران، دادوەران، و پسپۆڕانی تەندروستی و کۆمەڵناسی ،پۆلیس،ئاسایش بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردن.
- هاوکاری نێوان دەزگاکان: یاداشتنامەیەکی فەرمی بکرێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و پۆلیس و ئاسایش، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ هاوبەشکردنی سەرچاوەکان (گواستنەوەی کارمەندان و پشتگیری پزیشکی).
- وەک پێشنیار کراوە، ووَرک شۆپی دەستبەجێ لەگەڵ دادوەرەکان و ئەندازیاران و توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن بۆ کۆتاییهێنان بە پێداویستییە تەکنیکییەکان.
- هاوبەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کەرتی تایبەت: بەکارهێنانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ کەلێنەکانی ڕاهێنان و بودجە، بەتایبەتی لە کەرتەکانی چاکسازی و کاری کۆمەڵایەتی.

### هاوکاری نێوان دەزگاکان

- هەماهەنگیی دامەزراوەیی: داڕشتنی میکانیزمێکی فەرمی بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان و فەرمانگەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە شارەزایی و سەرچاوەکانیان، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی بەرنامەی ڕاهێنانی هاوبەش، بەڕێوەبردنی کەیسەکان بە شێوەی پێکەوەیی و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام.
- سەنتەری مەشق و ڕاهێنان: دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە کارمەندانی چاکسازی بۆ پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ و شارەزا.
- هاوبەشیی زانستی و ئەکادیمی: مۆرکردنی یاداشتنامە لەگەڵ زانکۆکان بۆ دابینکردنی کورسیی خوێندن بۆ سزادراوان و بڵاوکردنەوەی توێژینەوە زانستییەکانی توێژەرانی چاکسازی لە گۆڤارە باوەڕپێکراوەکاندا.
- کۆنفرانس و توێژینەوە: بەستنی کۆنفرانسی ساڵانە و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی لەسەر هۆکارەکانی زیادبوونی تاوان لە هەرێم و پێشکەشکردنی بۆ لایەنە بڕیاردەرەکان.
- دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی زیندانیەکان کە دروستی دەکەن.

٢٥- ٢- ٢٠٢٦

ئارام سەعید

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

1.Bottoms, A., & Tankebe, J. (2012). Beyond procedural justice: A dialogic approach to legitimacy in criminal justice. Journal of Criminal Law and Criminology, 102(1), 119–170. https://scholarlycommons.law.northwestern.edu/jclc/vol102/iss1/4

2.Coyle, A. (2009). A human rights approach to prison management (2nd ed.). International Centre for Prison Studies. https://www.prisonstudies.org/sites/default/files/resources/downloads/handbook_2nd_ed_eng_8.pdf

3.Justice Trends. (2022). How Iraqi Kurdistan prisons handle thousands of terrorism convicts. Justice Trends Magazine https://justice-trends.press/how-iraqi-kurdistan-prisons-handle-thousands-of-terrorism-convicts/

4.Kurdistan Regional Government. (2021). Human rights action plan (2021–2025). Office of the Coordinator for International Advocacy. https://gov.krd/ocia-en/publications/reports/

5.Kurdistan Regional Government. (n.d.). Human rights reports and follow-up evaluations. Office of the Coordinator for International Advocacy. https://gov.krd/ocia-en/publications/reports/

6.ReliefWeb. (2021). Review of classification systems in Kurdistan Region of Iraq (KRI). United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs. https://reliefweb.int/report/iraq

7.United Nations Assistance Mission for Iraq, & Office of the High Commissioner for Human Rights. (2014). Report on human rights in the administration of justice in Iraq. United Nations https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_Report_Administration_of_Justice_EN.pdf

8.United Nations Development Programme. (2020). Rule of law and justice sector reform in Iraq. United Nations Development Programme. https://www.undp.org/iraq

9.United Nations General Assembly. (2015). United Nations standard minimum rules for the treatment of prisoners (the Nelson Mandela Rules). United Nations https://www.unodc.org/documents/justice-and-prison-reform/Nelson_Mandela_Rules-E-ebook.pdf

10.United Nations Office on Drugs and Crime. (2022). Prison reform and criminal justice: Country updates.
11.United Nations Office on Drugs and Crime. https://www.unodc.org/unodc/en/justice-and-prison-reform/index.html

12.United Nations Office on Drugs and Crime. (2023). Global programme on prison reform and alternatives to imprisonment: Achievements report (2019–2023). United Nations Office on Drugs and Crime. https://www.unodc.org/res/justice-and-prison-reform/cpcj-prison reform_html/FTF_Achievements_Report_2019-2023.pdf

13.دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. (١٢ی شوبات ٢٠٢٦ a). سیمیناری پرۆژەی «چاوی کراوە» دەربارەی تەنگژە و ڕێکارەکانی چاکسازی لە گرتووخانەکاندا، پێشکەشکراو لەلایەن ئیحسان عەبدولڕەحمان بەڕیوەبەری گشتی چاکسازیەکانی هەرێم.

14.دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. (١٨ی شوبات ٢٠٢٦ b). سەردانی مەیدانی بۆ گرتووخانەی چاکسازیی گەورەساڵانی سلێمانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی، بەشی یاسایی، بەشی کارگێڕی و توێژەران.

15.دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. (١٨ی ئادار ٢٠٢٦ c). چاوپێکەوتن لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری گرتووخانەی چاکسازیی گەورەساڵانی سلێمانی و دەستەی توێژەران.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq